یەکێتی زانایانی کوردستان: خەڵکی کوردستان ئاشتی دەوێت، نەک بە درۆن و مووشەک



لە پەیامێکدا یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان ئیدانەی هێرشە مووشەکییەکەی شەوی رابردووی سوپای پاسدارانی ئێران بۆ سەر هەولێر دەکات و رایدەگەیەنێت: خەڵکی کوردستان ئاشتی دەوێت، نەک بە درۆن و مووشەک.

لە پەیامی یەکێتی زانایان، هاتووە: "بەداخەوە شەوی رابردوو لە ڕێی درۆن و مووشەکەوە هێرشی زۆر و کوێرانە لەلایەن سوپای پاسدارانی ئێرانەوە کرایە سەر شاری هەولێر و بەهێزەوە قوربانی گیانی و ماددی زۆری لێکەوتەوە و چەندین هاووڵاتی سڤیل شەهیدو بریندار بوون".

لە بەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا ئاماژە بۆکراوە: "ئێمە لە یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بە تووندی ئیدانەی ئەم مووشەکبارانە دەکەین و خوازیارین لە لایەنی پەیوەندیدار بەزوویی ڕێ لەو جۆرە هەوڵە تێکدەرانە بگرن، خەڵکی خاگری کوردستان ئاشتی دەوێ بە هەموو لایەک نەک بە درۆن و مووشەک، هەوڵی شواندنی سەقامگیری و ئارامی هاووڵاتیانی بە ئامانج بگیرێ، داواش لە وڵاتی ئێران دەکەین وەک ئێرکێکی ئایینی و ئینسانی مافی دراوسێتی کوردستان بپارێزێت".

یەکیتی زانایانی ئایینی ئیسلامی راشیگەیاند: "داوا لە سەرجەم وتاربێژانی بەرێزی ئایینی دەکەین لە وتاری هەینی داهاتوو ئیدانەی هەڕەشەکە بکەن و نزای خێرو سەلامەتی و ئارامی بۆ کوردستان بکەن".